کەسێک لە هەولێر خوشکەکەی خۆی کوشت وخۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس دەکات

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، لە گوندی پیرەشی سەر بە ناحیەی کەسنەزانی شاری هەولێر کەسێک لەسەر کێشەیەکی کەمایەتی خوشکەکەی خۆی کوشت.

ئەمە هەینی ٢٣ـی ئایاری ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، لە گوندی پیرەشی سەر بە ناحیەی کەسنەزانی شاری هەولێر کەسێک خوشکەکەی خۆی کوشت و دواتر تەمەتبارەکە خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس کرد.

ئاماژەی بۆشکرد، ئەو ژنەی کە کوژراوە تەمەنی ٤٠ ساڵە و دوای چوونی پۆلیس بە شوێنی رووداو و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، دوای چەند کاتژمێرێک تەمەتبار خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس کرد.

باسی لەوەشکرد، تەمەتبارەکە پێشتر لێکۆڵینەوەی بە کرایەوە و رادەستی دادگا کراوە و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.